# هەورامی و هەورامیەکان

ئاسۆ بیارەیی
2005-3-26 سوێد

زاراوەی هەورامی بەشێکی بنچینەیی زمانی کوردییە، ئەگەر سەرچاوەیەکی گرنگی زمانی کوردی نەبێت. ناوچەی هەورامان بە هۆی شوێنی جوگرافییەوە، توانیویەتی تایبەتمەندی ئەم بەشەی کوردستان، دژی داگیرکەران بپاریزێت و زمان و کلتوری کوردی، بە زیندویەتی بەرز ڕابگرێت. سەردەمێکی دوور و درێژ،هەورامی زمانی نووسین بووە.

بەڵام ئەمڕۆ، ئەم زاراوەیە، کە هەموو بنەمای زمانێکی تیایە، خەریکە توشی شکستی و دابڕان ئەبێ، بە تایبەتی لە کوردستانی باشور. فاکتەرەکان زۆرن، یەکێک لە وانە، وێرانکردنی ئەم ناوچەیە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوەیە. ئەوەی جێگەی شانازییە، هەورامییەکان کاری بەرهەم هێنانی خۆیان لە دەست نەداوە، سەرباری بڵاوبوونەوەیان، لە ناوچەی سۆران و شوێنەکانی تر.

پرسیارەکان ئەمانەن، ئەی بۆچی هەورامی، وەکو نووسین بەکارناهێنرێت؟ ئایا کێ بەرپرسە؟، یان هەندێ لە ڕۆشنبیرانی هەورامی لە دەسەلاتی سیاسی و ئابوری، ئێستای کوردستانی باشور، تواونەتەوە و ئەگەر بۆیان بکرێت زمانەکەشیان ئەسڕنەوە ؟

گومانی تیا نییە، کە داگیرکەرانی کوردستان ڕۆڵێکی باڵایان، لە سەرکوێرکردنەوەی زمانی کوردی، بە گشتی هەبووە و هەیە. پارچە پارچەبوونی کوردستانیش، بۆ گەشاندنەوەی زاراوەیەک وەکو زاراوەی هەورامی لە بار نەبووە. ئەم هۆکاریە لای هەمووان ڕونە.
ئەوەی کە جێگەی داخە، وا دەر ئەکەوێ کە ئەمڕۆ هەندێ بە ناو ڕۆشنبیری هەورامی شەرم دەکەن، بەهەورامی بدوێن، پێیان خۆشترە بە سۆرانی یان عەرەبی و فارسی قسەبکەن، لە دەرەوەی هەوراماندا، کە کەس نەزانیت کە ئەوان هەورامیین.

من لە شاری سلێمانی گەورەبووم و لە و جۆرە بە ناو هەورامییانەم بەچاوی خۆم بینیوە، هەروەها لە ئێرانیش، کە هەوڵیان داوە بەسۆرانییەکی ڕەوان قسەبکەن تا کەس هەست بە هەورامی بوونیان نەکات.
من گلەیی لە کوردێکی کوردستانی باکور ناکەم، کە سیاسەتی ئەتاتورکی، زمانەکەی لە بیر بردوەتەوە و ناتوانێ بە کوردی بئاخەفێت. ڕاستە وەکو ئاماژەم پێدا، داگیرکەر هەوڵی دووبەرەکیان داوە، نەک لە نێوان زاراوەکان، بەڵکو لەنێوان شارەکانیش.
سەیر ئەوەیە،کە ئیستا لە کوردستانی باشور، ئازادییەکی باش هەیە، هەمووکەسێک دەتوانێت دەنگی خۆی هەڵبڕێ و خۆی بنوێنێت، لێرەشدا، دیسان برێک، بە ناو ڕۆشنبیرانی هەورامی، لە نێو پارتییەکانی کوردستانی باشوردا خەمساردن و تەنها نازنانەوە کەیان بە هەورامی ماوەتەوە. ئەوانەشی کە ماونەتەوە کۆششی ئەوە ناکەن کە خۆیان ئۆرگانیزە بکەن و کارێک بۆ هەورامانەکەیان بکەن.
موخابن، کە پارتییەکانی کوردستان، هەورامان و زاراوەی هەورامییان پشت گوێ خستوە ، بە هەورامییەکان ڕەوانابینن، سەنتەر، مەڵبەندی بڵاوکراوەی هەورامی ، ئێزگەیەک و چەند سەعاتێک بەرنامەی هەورامی، بۆ هەورامییەکان تەرخان بکەن. بەلام گیانیان فیدایە،باسی برایەتی کورد و تورکمان و عەرەب بکەن. ڕۆژانە بەشێکی زۆری میدیای خۆیان بۆ ئەو سێ نەتەوەیە تەرخان کردوە، بەمەرجێک تەلفیزیۆنەکانی ئەوان، بە خراپە نەبێت، هەرگیز بە باشە بە ووشەیەکیش، باسی کورد ناکەن.